# حەسودی بە یەکتری مەبەن، وفێڵ مەکەن لە مەزاددا، وڕقتان لە یەکتری نەبێتەوە، وپشت لە یەکتری مەکەن، ولە سەر فرۆشتنی یەکتر شت مەفرۆشن، وبەندەی خودا بن بە برایەتیەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «حەسودی بە یەکتری مەبەن، و(فێڵ مەکەن لە مەزاددا -لا تناجشوا-)، وڕقتان لە یەکتری نەبێتەوە، وپشت لە یەکتری مەکەن، ولە سەر فرۆشتنی یەکتر شت مەفرۆشن، وبەندەی خودا بن بە برایەتیەوە، مسوڵمان برای مسوڵمانە؛ ستەمی لێناکات وسەرشۆڕی ناکات وبە درۆی ناخاتەوە وبە چاوی سووک وکەم سەیری ناکات، وتەقواداری لێرەدایە -سێ جار ئاماژەی بۆ سینگی کرد- بەسە بۆ مسوڵمانێک کە ئەوەندە شەڕ وخراپەی لە خۆ گرتبێت کە برای مسوڵمانی بە کەم بزانێت وبە چاوی سووک سەیری بکات، هەموو شتێکی مسوڵمان لەسەر (مسوڵمانێکی تر حەرامە: خوێنی ومالّی (پارە وموڵکی) وناموسی (ناوبانگی».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرمودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری ئەوەمان دەکات کە واجبە لەسەرمان وەکو مسوڵمانان، ئەویش ئەوەیە یەکترمان خۆش بوێت ویەکگرتوو بین وبە جوانی مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین بە گوێرەی شەریعەت کە ئەمەش هۆکاری چاندنی ڕەوشتە جوانەکانە لە نێوانماندا، وهۆکاری دووربوونەوەیە لە ڕەوشتە خراپەکان، وڕق وکینە سەر دڵەکان لا دەبات، ومامەڵەکردنەکانمان دوور دەبێت لە حەسوودی وزوڵم وستەم وفێڵ وجگە لەمانە کە هۆکارن بۆ ئازار ونانەوەی ناکۆکی، چونکە ئازاردانی مسوڵمان حەرامە جا چ لە ماڵی (پارەی) یان مامەڵەکردن یان بە دەست یان بە زمان بێت، هەموو شتێکی مسوڵمانێک لەسەر مسوڵمانێکی تر حەرامە: خوێنەکەی وماڵەکەی وپارەکەی وناوبانگی (ناموسی)، وشکۆداری وشەرەفمەندی بە تەقوادارییە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4706